Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.01 02:31:23 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

# ئاماژەکانی ئەنفال لەودیو زانکۆو (ڕێبین) و (ئیبراهیم قاسم) ەوە

**سەردار عەبدوڵڵا**

**زۆر بەختەوەرن ئەو گەلانەی، پێویستیان بە قارەمان نیە**

**ئەندرێ مالرو**

**هەروەك چۆن لە لەشی مرۆڤدا سەرئێشە" خوی نەخۆشی نیە، بەڵکو نیشانەیە بۆ بوونی نەخۆشیەك کە لەوانەیە کوشندەش بێت، هەروەها لە واقیعی کۆمەڵایەتیشدا سەرێشە خۆی نەخۆشی نیە، بەڵکو ئەو نیشانەیەیە کە لەپشت خۆیدا دەردو نەخۆشی سەیری حەشارداوە، هەر بۆیە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا سەیرکردنی کێشەکان وەك ئەوەی کە خۆیان نەخۆشیەکەن و، هەوڵنەدان بۆ خوێندنەوەو دۆزینەوەی ئاماژە ترسناکەکانی پشتیان، ئەوپەڕی ساویلکەیی‌و تەمبەڵیە. ماوەیەکە کۆمەڵی ئێمە سەرێشەو، تاو، نیشانەی عەنتیکە لەخۆی نیشاندەدات، کە لەڕاستیدا خۆیان نەخۆشی نین بەڵکو ئاماژە بۆ قەیران و نەخۆشی ترسناك و کوشندەی دیکە دەکەن. هەر بۆیە ئەمە چرکەساتی دواندنی برینەکان و سەرێشەکانە، چرکەساتی پرسیارکردنە، لەپێشدا پرسیارکردن لە خود ئینجا لە دەوروبەر. . چرکەساتی لێپرسینەوەیە، لەپێشدا لێپرسینەوە لە خود ئینجا لە دەوروبەرو ئەوانی‌تر کە لەناو رادیکاڵترین دەزگای مەدەنی ئێمەدا بەعسیەکی بچوك کوفر بە موقەدەسترین برینمان دەکات و، کوفر بە سادەترین مافی ئینتیمای نەتەوەییمان دەکات و، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرباز دەبێت، ئەمەیان ناوینێن چی؟ کارەسات، تراژیدیا، سەرەتان؟ ئەدی کە لیژنەی رێکخستنی حزبیی زانکۆ پشتگیری لەو بەعسیە دەکات و، ئەو بێباکیە ترسناکە (قاعیدە) کەی خۆیشی داگیر دەکات، ئایا ئیدی نابێت حزب لە خۆی بپرسێت دوای دەیان ساڵ لە تێکۆشان، بۆچی نەیتوانی لەناو رادیکالترین دەزگای پرسیارکردندا، تەنها (دە) ئەندامی بە هەڵوێست بەرهەم بهێنێت؟ ئایا ئیتر حزب هەر بەتەنها کارگەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی یەك قاڵب لێبووك و کوشتنی بچوکترین رەگی جیاوازی؟ ئەی باشە کە سەرۆکایەتی زانکۆ لە شێوازێکی ئەوپەڕی ناجوامێرانەدا (مماطلة) دەکات و تا کۆتایی تاقیکردنەوەکان کێشەکە یەکلا ناکاتەوە؟، لەکاتێکدا کە دەبێ ئەم دەزگایە راستگۆترین و شەفافترین و بێ غەرەزترین دەزگای کۆمەڵ بێت، ئایا ئەمە دەستی دەستی پێکردن و فێڵبازی‌و کڵاو لەسەرنان نیە؟ لەکاتێکدا کە خوێندکارانی دنیا دیکتاتۆرەکان دەڕوخێنن و، گۆڕینی دەسەڵاتە سیاسییەکان دەسەپێنن، کەچی بزاڤی خوێندکارانی ئێمە لە بەرامبەر ئەو کوفرە گەورانەی بە موقەدەساتی نیشتمان دەکرێن، بێباکەو بچووکترین جووڵە لەخۆی نیشان نادات، ئەی ئەمەیان ناو بنێین چی؟ ئەدی کە ئێمە زانکۆی سلێمانیمان دامەزراندەوە، بۆچی دەقاودەق هەموو شتە ناشیرینەکانیمان فۆتۆ کردەوە، کەچی جوانترین روحەکانیمان کوشت؟ کە سەرۆکایەتیەکمان لە وێنەی ئەوەی پێش راپەڕین بۆ زانکۆ فۆتۆ کردەوەو، کە لیژنەیەکی حزبی کوتومت وەکو ئەوەی بەعسمان بۆ فۆتۆ کردەوەو، بە هەمان ئیتحاد تەڵەبەو مەنهەج و پرسگەوە تەواوی زانکۆی جارانی سلێمانیمان فۆتۆکردەوە، بۆچی لەبیرمان چوو، یان نەمانویست روحی خوێندکارانی پڕ لە ئیرادەو یاخیبوونی زانکۆ دێرینەکەی سلێمانی بژێنینەوە؟ ئەوە چ دەستێکی شەیتانی بوو کە روحی بزێوو پڕ لە ئیرادەو فیداکاری خوێندکارانی زانکۆ دێرینەکەی کوردایەتی کوشت؟ کە هەزاران خوێندکاری ساردو سڕو بێباك و بێ غیرەت دەبنە میراتگری خوێندکارە یاخی‌و لەخۆبردوو پێشەنگەکانی جارانی زانکۆی سلێمانی، ئایا ئیتر ئەم زانکۆیە شایستەی ئەوەیە هەڵگری هەمان ناوی زانکۆکەی جاران بێت؟ بۆچی ناوی نانێین (جامعه عمليات الانفال المباركه) . لە هەموو ئەمانە تراژیدیتر ئەوەیە کە یەکێك لە**

رادیکاڵترین رۆشنبیره رەخنەگرەکانمان، ئەو کارەساتە ناو دەنێت کێشەی نێوان دوو مامۆستاو نەك هەر هەڵوێستی دژ بە بەعسیەکە نابێت، بەڵکو گلەیی لە بزوتنەوەی خوێندکاری دەکات کە بۆچی لەو مەسەلەیە وەدەنگ هاتوون، کەچی لە کێشەکەی هاوژین بێدەنگن. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کاك رێبین لە وتارەکەی خۆیدا لە ژمارە (٧٥) ی (هاوڵاتی) دا بەیانەکەی هاوژین وەك مانیفێستەکەی مارکس و ئەنگلز سەیر دەکات و پێی وایە کە ئەوە دووڕیانی چارەنوسسازی مێژووی خوێندکارانەو ئیدی مێژوو دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغی پێش بەیانەکەی هاوژین و پاش بەیانەکەی هاوژین دا. لەکاتێکدا کە کێشەی هاوژین مەلا ئەمین و دکتۆر نەبەز لەچاو ئەو هەموو کوفرەی ئیبراهیم قاسم هیچ نیە جگە لە (موهاتەرات) ێکی بێ مستەوا. . ئەو کێشەیەی هاوژین لە هەر کۆلێژێکی دیکەدا رووی‌دابا بە هەر حاڵ، بەڵام کە لە بەشی مێژووداو لەنێوان دکتۆرێکی مێژوو و مامۆستایەکی دواڕۆژی زانکۆدا کە خۆی لە هەموو دنیا بەخوێندەوارتر دەزانێت روو دەدات ئەمەیان ترۆپکی تراژیدیایەو ئیدی دەبێ (فاتیحە) بۆ مێژوومان بخوێنین. لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە کاك رێبین خۆڵ لە چاومان دەکات و کوفرەکانی ئیبراهیم قاسم نادیدە دەگرێت و کەچی بەمجۆرە باسی قارەمانێتی مێژوویی هاوژین دەکات (گەورەترین دەستدرێژی دەکرێتە سەر یەکێك لەو خوێندکارە بەناوبانگانەی کە هەردوێنێ بوو بە موعجیزە لە هەوڵی تیرۆرکردنی چەندە دەستێکی تاریك رزگاری بوو) ، ئایا ئەمە هەمان ئەو شێوازە عەشائیریە نیە کە چەند ساڵێکە کاك رێبین و هاوڕێکانی بەرگرییان لە فاروق رەفیق پێدەکردو هەموو رەخنەیەکیان لە فاروق بە کوفری گەورە دەزانیو فاروقیان لەشێوەی پێغەمبەرێکی رزگارکەردا بۆ پێشکەش دەکردین؟ ئەمە ئیدی ئەو چرکە ساتەیە کە رەهەند لە بەرامبەر خۆیدا بوەستێتەوەو لێپرسینەوەیەك لەگەڵ خۆیدا بکات. . ئایا رەهەند کە بە رەخنە لە بە غەیبانی کردنی دەقەکان و بەتایبەتیش مارکسیزم دەستی پێکرد، ئێستا خۆی غەرقی قەیرانی گروپچێتیو غەیبانیەت نیە. لەم چرکە ساتەدا ناچارین بپرسین رەهەند، کە لەسەر بچوکترین رەخنەی ئەدەبی کە لە ئەندامێك یان خزمێکی نزیکی گروپەکەیان دەگیرێت دنیا ژێراوژوور دەکەن ئەدی بۆچی لە کێشەکەی فەرهاد پیربال بێدەنگ بوون؟ هەر لەبەر ئەوەی خزمی خۆیان نیە؟ ئەو هەموو موهاتەرات و عەنتەریاتەی فاروق رەفیق بەناوی فیکرو فەلسەفەوە بەم میللەتەی دەفرۆشێت، هەر یەکێکی دیکەی غەریبەو نەناس بایە، ئایا رەهەند بەو جۆرە ترسناکە لێی بێدەنگ دەبوون؟ راستە برادەرانی رەهەند لەدوای ئەو هەموو ساڵە توانیویانە خوێنەرو گوێگرو (مشتەری) زۆر بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام حەقە ئەوەش بزانن کە بەشی هەرە زۆری ئەو مشتەریانە، وەرگری بێ‌گیان و بێ‌عەقڵن و نەك هەر ناوێرن سادەترین پرسیار بکەن، بەڵکو سادەترین پرسیارو رەخنەش لە رستەیەکی هەر خزمێکی رەهەند بە کوفرو خاوەنەکەشی بە پیاوی دەسەڵات دەزانن. لەدوای ئەو هەموو ساڵە رەهەند بێ ئیرادەترین و بێ پرسیارترین و پڕ شیعارترین خوێنەری بەرهەم هێناوە، ئایا ئیدی کاتی ئەوە نەهاتووە رەهەند لێپرسینەوەیەك، رووبەڕووبوونەوەیەك، لێپێچینەوەیەك لەگەڵ خۆیدا بکات. *بەندە سەد دەرسەد پشتگیری کاك رێبین و هەموو ئەو برادەرانە دەکەم کە دەڵێن حزب سەرچاوەی کێشەکانی ناو زانکۆیە. راست دەکەن، حزب زانکۆی شێواندوە، حزب چۆتە ناو خێزانەوە، حزب عەشیرەتگەری زیندوو کردەوە، حزب چۆتە ناو مزگەوتەوە، بەڵام خۆ حزب نەچۆتە ناو رەهەندەوە، ئەدی رەهەند بۆچی بەو چارەنووسە تراژیدیە گەیشت؟* کە گەنجێك رەخنە لە خزمێکی رەهەند بگرێت و بڵێت لە واقیعی کوردی دابڕاوە، دنیا ژێراوژوور دەکەن و کەسیش ناوێرێ ببێتە دەنگ ئەگینا لەچاوتروکانێکدا لە کەسێکی ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێتە پیاوی دەسەڵات، کەچی لە وتارەکەی (هاوڵاتی) دا کاك رێبین رەنگە لە هابرماس بە باش تێگەیشتبێت، بەڵام بەداخەوە کە باسی کێشە گەرمەکانی ئێستا ناو زانکۆی سلێمانی دەکات، وا دەزانێت لە کەنەداوە باسی

**ئەم وولاتەو ئازارەكانی دەكات. لەناو ئەم هەموو تاریكیەدا وتاری لە جۆری ئەوەی رەگەز رەشید لە ژمارە (٧٥) ی (هاولاتی) دا دێت و تروسكاییەك ئومێد لە ئاسۆ تەڵخەكاندا بەجێدەهێڵێت. لەدواییشدا تەنها بەداوای لێبوردنەوە لە كاك رەگەز، بەندە داوای لێبوردن لە كەس ناكەم چونكە ئیدی چركە ساتێك گەیشتووە كە دەبێ بە توڕەییەوە ئاوڕ لە خۆمان و لە رابردوو بدەینەوە.**

**تێبینی : لە ناوخۆی كوردستان ئەم بابەتە لە گۆشەی (شەكری تاڵ) ی ژمارە (٢٣) ی ١٦ی حوزەیرانی رۆژنامەی (هەواڵ) دا بڵاوكراوەتەوە.**

www.kurdistannet.org